ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
62
25 ی حوزەیران/ جوون 2023



## تورکیاو کارتی نەوتی هەرێم!
## سەرنجێک لەسەر سەردانەکەی مەسرور بەرزانی
خەسرەووسایە

بۆ لاپەرە ٣



## باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر عێراقدا!
عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٥



## دەستێک لە پشتی تیرۆرەوە! کەیسی "خواناس وریا"
جەمال موحسین

بۆ لاپەرە ٨



## تیرۆری خواناس وریا گلی هەوڵێکی تری نەزۆک و کۆنەپەرستانە لەدژی ئازادی بەیان و بیرورا!
عەبدوڵا مەحمود

بۆ دوالاپەرە



## لە بەغدا دروشم دژی ئێران و ئەمریکا وترایەوە!
مستەفا باهیر

بۆ لاپەرە ٩



## باندی مافیایی موهتەدی- ئیلخانیزادە!

موحسین کەریم

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٢ی حوزەیران/ جوونی ٢٠٢٣، پێکدادانی چەکداری لەنێوان دوو گروپی چەکداری بەناوەکانی کۆمەڵەی شۆشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان، ڕوویداو لەئاکامدا دوو چەکداری کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان بەچەکی قەناس لەلایەن چەکدارەکانی کۆمەڵەی شۆرشگێڕەوە کوژران و یەکێکی دیکەش بەسەختی برینداربوو.

ئەم دوو گروپە چەکداریە، کە ناوی کۆمەڵەیان لەخۆیان ناوە، لەو سەرکردەو کادرە ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوانە پێکدێت کە عبدللەی موهتەدی و عومەری ئیلخانیزادەی ئامۆزای سەرکردایەتیان دەکەن و لەکاتی جیابوونەوەیاندا لە کۆمەڵە- رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا، دەستیان بۆ چەک و پەلاماری چەکداری بۆسەر هاورێکانی دوێنی خۆیان برد. دواتریش بۆ سودوەرگرتن لە مێژووی سیاسی درەخشانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ناوی کۆمەڵەیان زەوتکرد، لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیەکی فکری- سیاسی و نەریتی خەباتکارانەو شۆرشگێڕانەیان لەگەڵ کۆمەڵەی کۆمۆنیست دا نەمابوو! ئێستاش بە پەلاماری چەکداری و کوشتاری یەکتر وەڵامی شکستی پرۆسەی یەکسالەی یەکگرتنەوەیان

بۆ لاپەرە ٢

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## درێژەی......باندی مافیایی موهتەدی-ئیلخانیزادە!

دایەوە!
عبدللەی موهتەدی کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی ناسیۆنالیستی کوردی ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەڵام بەهۆی هەژموونی فکری –سیاسی و عەمەلی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسوری حیکمەتەوە لەناو ئەو حزبەدا، بێدەنگ و بێسەدا مابووە، دوای ڕووداوەکانی کەنداو لەساڵی ١٩٩١دا و جێگاپەیداکردنی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق لە سیاسەتی شەرخوازی ئەمریکادا لە ناوچەکەدا، هەموو داوەکانی خۆی لەگەڵ کۆمۆنیزمدا پچڕی و خۆی هاویشتەوە ناو بزوتنەوە ڕەسەنەکەی خۆیەوە. دوای جیابونەوەی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو حزبە و زاڵبوونی ڕەوتی ناسیۆنالیستی کورد لەناو کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، عبدللەو هاوبیرەکانی زەمینەیان بۆڕەخسا تا هەرچی زیاتر کۆمەڵە لە نەریت و باکگراوندە فکری و سیاسیە کۆمۆنیستیەکانی دووربخەنەوەو دواتریش بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان دەستیان بۆ چەک برد بەرامبەر بەو بەشەی دیکەی کۆمەڵە کە هێشتا پێیوابوو بەرگری لە نەریت و بۆچوون و سیاسەتە کۆمۆنیستیەکانی کۆمەڵەی کۆن دەکات!
مەنسوری حیکمەت، ئەوکات کەسایەتی عبدللە موهتەدی نەک وەکو سیاسیەک، بەڵکو وەکو کەسێکی تۆبەکار کە تف لە ڕابردووی خۆی دەکات و ئامادەیە هەرچی بکرێ لە دژی هاورێکانی دوێنێی خۆی بیکات، ناساند! مەنسوری حیکمەت لە وتاری روداوە گەورەکان و ئینسانە بچووکەکاندا کەوەڵامە بۆ کۆمەڵێک درۆو بوختان و چەواشەکاری عبدللە موهتەدی دژی مەنسوری حیکمەت و هاورێکانی، دەڵێ:
"جیاوازیەکی بنەرەتی لەنیوان بادانەوەی سیاسیو تۆبەکردندا هەیە. بادانەوەی سیاسی خالیدەستپیکردنی حەرەکەتیکە. ئامادەیی نیشاندانە بۆ هەنگاوهەلگرتن بە ریرەویکی تردا. بەلام تۆبە، خالیکوتایی ریچکەیەکە. راگەیاندنی شکستو تەسلیم بوونە. ... تۆبەکردن راگەیاندنی ووردبوونی شەخسییەتو ئیرادەی ئەو کەسەیە. وە دەبیَ هەر ئەمەش نیشانی هەموان بدات. سووکایەتیکردن بە موقەددەساتی پیشووی خۆت، بە هاوریَیانی پیشووی خۆت، گالتەکردن بە شانازیەکان و دەسکەوتەکانی پیشووی خۆت، ژیرپینانی پرەنسیپەکانی پیشووی خۆتو ئینکارکردنی بیشەرمانەی حەقیقەتە زیندووەکانی بەرچاوی خۆت، هەموو ئەمانە بریارە ئەم ووردبوونە نمایش بکەن. ناوەرۆکی باسەکەی جەنابی موهتەدی پووچە، هەروەک خودی خۆیشی کاریکی بە ناکۆکیی سەرسورهینەری قسەکانی ئەمرۆی لەگەل میژوویەکی نووسراودا نیە. ئەوەی کە ئەم قسانەی سەدو هەشتا پلە بەپیچەوانەی قسە رەسمیەکانی پیشووی خۆیەوەیەتی، ئازاری نادات. ئەو بەپیچەوانەوە خەریکە ئەمە رادەگەیەني: "هیچ شەرم ناکەم، من رۆیشتووم، ئیتر هەموو شتیک ئەشیَ بلَیم، ئیتر هەموو کاریک ئەشیَ بکەم."

عبدللە موهتەدی لە ڕەوەندی خرۆشانی جەماوەری ناسراو بە شۆرشی ژینا دژی رژێمی ئیسلامی ئێران، لەپاڵ شازادە رەزای کوڕی موحەمەد ڕەزاشای ئێراندا و ڕەوتی پان ئێرانی و لیبراڵەکاندا راوەستاو ئومێدی بەوەبوو کە لە سیاسەتی ئەمریکادا دژ بە رژێمی ئیڕان، هاوشێوەی ناسیۆنالیستە کوردەکانی هاوخوێنی لە کوردستانی عێراق لە دەورانی شەڕی کەنداودا ساڵی ١٩٩١، لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی شاهەنشاهیدا کورسی فەرمانڕەوایی کوردستانی ئێرانی پێببەخشن! هەوڵی یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی زەحمەتکێشان بۆئەوەبوو کە ئەم هیوایەی جەنابی موهتەدی وەکو سەرکردەی هێزێکی چەکدار کە ئامادەیە لەخزمەتی ئەو سیاسەتەی ئەمریکادا دەوری کۆنترا و یەکێتی و پارتی ببینن، بێتەدی، بەڵام نەبوونی سیاسەتێکی لەوجۆرەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، ئەو خەونەی عبدللەی موهتەدی و گروپەکەی پووچەڵ کردەوە. بەوهۆیەشەوە لەجیاتی یەکگرتنەوە، لێکترازان و پەلاماری چەکداری ئاکامەکەی بوو. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە کاراکتەری مافیایی و چەتەگەری و خۆسەپێنی عبدللەی موهتەدی ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە بائاسانی تاوان بەرامبەر بە هاورێکانی دوێنێی خۆی بکات، بۆیە دەستەو تاقمەکەی ئەو و عومەری ئامۆزای، خافڵگیرانە بە قەناس لە چەکدارانی گروپەکی دیکە دەدەن!
عبدللەی موهتەدی و عومەری ئیلخانیزادەو سەرانی گروپی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەهۆی دەستبردن بۆ چەک و کوشتنی دوو چەکداری باڵەکەی دیکەی کۆمەڵە، دەبێ وەکو تاوانبار مامەڵە بکرێن. ئەوانە ڕەوت و هێزی سیاسی نین و ناکرێ وەکو هێزی سیاسی مامەڵە بکرێن، نە لەلایەن خەڵکی کوردستان و نە لەلایەن هەر هێزو لایەنێکی سیاسیەوە. سەرەڕای ئەوە دەبێ دەزگای دادوەری کوردستان لەبەرئەوەی ئەو تاوانە لە کوردستانی عێڕاق ڕویداوە، هەریەکە لە عبدللە و عومەرو ئەوانەی کە دەستیان هەبوە لەو تاوانەدا ڕاپێچی دادگا بکات و لەسەر ئەو تاوانە سزای یاسایی بدرێن. لەهەر وولاتێکدا تاوانێک ئەنجام بدرێ، دادگای ئەو وولاتە ئەرکیەتی تاوانبار روبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی بکاتەوە!

★

# تورکیاو کارتی نەوتی هەرێم!

## سەرنجێک لەسەر سەردانەکەی مەسرور بەرزانی

### خەسرەوسایە

بەدوای کۆبوونەوە هاوبەشەکەی هەردو وەفدی تورکیاو عێراق لەبەغدا و نەگەیشتنە ئەنجامێک لەبارەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕۆژێک داوتر مەسرور بەرزانی، بەپەلە سەردانی تورکیای کردو لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئۆردوگان، کۆبوەوە. ئەم سەردانە لەنێو میدیا عەرەبی و عێراقیەکاندا لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکرا، لەناوخۆی کوردستانیشدا هەندێک کەس قسەیان لەسەرکرد: سەرەتا ئاژانسی "موتەڵع"ی عێراقی وای بڵاوکردەوە کە "دۆسیێی نەوت مایەی نیگەرانیەکی گەورەیەی پارتی و بەرزانیە، چونکە ترسیان لەبڕگەکانی ئەو ڕێکەوتنە نەوتیە تاک لایەنەیە کەپێشتر لەسالیَ ٢٠١٤ دا بەبیَ ئاگاداری حکومەتی فیدراڵ واژۆیان لەسەرکردوە"، گوایە بەرزانی لەوە دەترسێت کە لەگەڵ ڕیکەوتنی بەغداو تورکیادا ئەو گەندەڵیە گەورەیە ئاشکرا بێت کەپارتی لەپشت ڕێکەوتینی ٥٠ساڵەی هەناردەکردنی نەوتەوە لەگەڵ تورکیادا بەستویەتی. هەرلەم پەیوەندەدا ڕۆژنامەی "ئەلعەرەبی لەندەن"یش لەراپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردوە کە"گومانی گەندەڵی گەورە هەیە لەو ڕێککەوتنەکەدا کە لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم "نێچیرڤان بارزانی"یەوە واژۆکراوە، ئەمڕۆش ترسی گەورە هەیە ئەو بابەتانە ئاشکرابن". لەسەرێکی ترەوە کاربەدەستانی ئەمنی تورکیا، لەوانەش "گولەر" بۆ میدیا ناوخۆیەکان قسەی کردوە و گوایە سەردانەکەی مەسرور بەرزانی پەیوەندی بەتیرۆرو هاوکاری هەردوو لاوە هەیە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر لەناوچەکەدا، کەدیارە مەبەست لەپەکەکاو هێزە لایەنگرەکانیەتی لەعیراق و سوریادا.

ئەگەرچی ئەوە مەعلوم نیە کەسەردانەکەی مەسرور بەرزانی لەسەر خواستی پارتی بووە یان تورکیا، بەلام ئامانج لیێی هەر ئەو ترسە نیە کە پارتی کەوتۆتە گەندەلیەوە و لەمکاتەدا کەمقۆمقوی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خراوەتە سەر زارەوە، تەنانەت هەر ئەوە نیە کە بەرپرسانی ئەمنی تورکیا دەیانەوێت لەچوارچێوەی شەری ئۆردوگان لەدژی پەکەکادا بەڕای گشتی بناسێنن.

بەدڵنیایەوە لەهەر سەردان و کۆبوونەوەیەکی دەولەتاندا ئامانجی لاوەکی و لێکەوتەی تریش هەیە، واتە پیدەچیت پارتی لەو گەندەڵی و تالآنچیتیەی کە لەڕیکەوتنی ٥٠ساڵەدا، تیێی کەوتوە ترسی ئاشکرابونی هەبێت. تەنانەت هیچ دوور نیە بەرپرسانی ئەمنی کەیسی پەکەکا لەسەرمیزی هەر کۆبوونەوەیەکی نیوان تورکیاو سەرانی پارتی و هەرێمی کوردستان دابنین و بیانەوێت بەکاری بهێنن بۆ توندکردنەوەی فشارە سیاسی و سەربازیەکانیان لەسەر پەکەکا، بەلام ئەمانە لەدۆخی جیهانی و ناوچەیی ئەمڕۆدا و بەسەرنجدان لەپێگەی تورکیا، هێشتا ناتوانیَ مەبەست و ئامانجەکانی تورکیا و پارتی لەگفتوگۆکانیاندا بەتەواوی بخاتەبەرچاو. کەوایە مەغزای ئەم سەردانە لەچیدایە؟

بەدڵنیایەوە سەردانەکەی مەسروربەرزانی پەیوەندی بەنەوتی کوردستانەوەیە، بەڵام کاتێک کە لەو مەرجانە ورددەبینەوە کەوەفدی تورکیا لەکۆبوونەوەیدا لەگەڵ هاوتا عێراقیەکەی داوایکردوە، ئەوەمان پێدەڵیت کە دەسەڵاتدارانی تورکیا جگە لەوەی کە داوای بەدەستهێنانی کۆمەلێک ئیمتیازاتی کردوە، لەوانە پێدانی بڕیک پارە بۆ ئەو ماوەیەی نەوتی هەریمی تێدا ڕاگیراوە و هەروەها لێخۆشبوون لەو قەرزەی کە دادگای فەرەنسا بۆ عیراقی جێگیرکردەوە، هاوکات تورکیا داوایکردوە کەتەرەفێک بێت لەهەر ڕیکەوتنێکی نەوتی نیوان هەولێرو بەغدادا. خودی ئەم مەرجەش کۆبونەوەی نێوان هەردوو وەفدی عیراق تورکیای بەبیَ ئەنجام گەیاند. بەلام مەغزای سیاسی ئەم داواو مەرجەی تورکیا بۆچی دەگەڕیتەوە؟

جەنگ لەئۆکرانیا و توندبوونەوەی ململانێی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان و ئەو گێژاوەی کە لەدونیادا سەری هەڵداوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەراست، دۆخێکی ناجێگیری وای پێکهیناوە کە ململانیی دەولەتانی ناوچەکەو ڕۆڵی ئەمریکاو ئەوروپا لەسەر سازدانەوەی سیستەمی ئەمنی لەکەنداوی عەرەبیدا و پێگەی ولاتانیکی وەک سعودیە، ئیران و ئیسرائیل، قەتەر و تورکیای خستۆتە ڕکەبەریەکی بەردەوامەوە. بێگومان لەم نێوەدا عیراق سەنتەرە و هەموو ئەو ولاتانە چاویان تێبڕیوە بەتایبەتی کە کۆمەلگایەکی دوای چەندین جەنگەو پیویستی بەسازدانەوەی ژێربینای ئابوری و ئیستقراری سیاسیە لەبەردەم سەرمایەکان و کۆمپانیاکاندا، تا لەم بازاڕەدا سەرمایەگوزاری بکەن.

بەپێی راپۆرتە جیهانیەکان وا باسدەکرێت عیراق لەهەنگاوی یەکەمدا پیویستی بە٩٠٠ ملیار دۆلارە و سندوقی دراوی نێودەولەتی ئامادەیە هەنگاو بەهەنگاو ئەم سەرمایەیەی وەک قەرز پێبدا، تالە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو سازدانەوەی ژێربینای ئابوری عیراقدا خەرج بکریَ، بەمەرجی ئەوەی بتوانی ئاستی ڕۆژانەی هەناردەکردنی نەوت لە٦ ملیۆن بەرمیل نەوت نزیک بکاتەوە. لەم نێوەدا تورکیا چاوی لەبازاڕی عیراق و ئەو سەرمایەیە بڕیوە تا بۆ خۆدەربازکردن لەو ڕکودە ئابوریەی تێیکەوتوە، سودی لیوەربگریَ. لەسەرێکیترەوە پێگەی تورکیا لەناوچەکە بەگشتی و لەعیراقدا بەتایبەتی ⇦

ڕکەبەرێکی سەرەکی ئێرانە، بەتایبەتی کەئێران لەعێراقدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە. بونی ئێران لەیەمەن، سوریا، ئەفغانستان، فەلەستین، ولوبنان ونفوزی لەئاسیای میانە، تورکیای ناچاکردوە بە بەچرکردنەوەی هەولەکانی بۆ بەرینکردنەوەی ڕۆڵی دەخاڵەتگەرانەی لەگەلێک لەو ناوچانەدا کەنفوزی ئێرانی تێدایە، تا هاوسەنگیەکی دڵخوازی لەبەرامبەر ئێراندا جێگیر بکات، بەتایبەتی لە ئەگەری دابەشکردنەوەی ناوچەکەو جێگیرکردنی هەر سیستەمێکی ئەمنیدا، پێگەیەک بەدەست بهێنێ کەوەلامدەرەوەی سەرمایەگوزاری بێت بۆ کۆمپانیا تورکیەکان. بۆ ئەمەش پیویستی بەکارتی سیاسی، سەربازی و ئابوری هەیە تا دەخالەتی خۆی زامن بکات. بۆنمونە لەسوریا و کوردستانی عێراقدا کارتی ڕاکێشانی هێز، لە لیبیا کارتی دروستکردنی گروپە چەکدارەکانی سەربەخۆی، لەفەلەستین کارتی "ئیخوانی"، لەئاسیای میانە کارتی دیبلۆماسی وبەستنی پرۆتۆکۆڵ.. ئەوەی وەک بۆشاییەک ماوەتەوە، ڕولی تورکیایە لەعێراقدا. ئەگەر بۆ ئێران ئەحزابی شیعەگەرا و میلیشیاکانی سەر بەحەشدی شەعبی کەنالی دەخاڵەتگەری بێت، ئەوا بۆ تورکیا بۆشاییەکی گەورە هەیە. بەواتایەکی تر تورکیا سەردەمانێک هەولیدا کەرکوک و موسڵ وەک کارتێک بۆ دەخاڵەتکردن بەدەستەوە بگرێ، بەلام سەرکەوتوونەبوو، لێرەوەیە نەوتی هەرێم وەک کارتێکی دەخالەتگەری بۆ تورکیا خۆی بەرجەستەکردۆتەوە، بەتایبەتی کەخاکی تورکیا تەنها کەنالیکی ئامادەیە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لەرێگای تورکیاوە. داوای تورکیا بەوەی کەتەرەفێک بێت لەهەرجۆرە ڕیکەوتنێکی نەوتی نیوان هەرێم و بەغدادا، خۆی تەعبیرە لە ئامانجێکی ستراتیژی تری تورکیا بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەک کەبتوانی دەخالەت لەشکڵێپدان بەو هەلومەرجە بدات کەهەم هیزە ناوخۆیەکانی عیراق وهەم ئەمریکاو دەولەتانی تر حسابی بۆبکەن.

لەیەک وتەدا، دۆخی ئیستای عیراق و ناوچەکەو ئەو ڕکەبەریەی کە دەولەتانی ناوچەکە لەسەر داهاوتوی عیراق وبازاڕی سەرمایە هەیانە تورکیای وادار کردوە کە ستراتیژی تر لەنەوتی هەرێم بڕوانێ و لەرێگەیەوە ئەو ڕۆڵە تێپەڕێنی کەوەکە بازرگانێکی نەوت و ناردنەدەرەوەی لەرێگای بەندەری جیهانەوە تائێستا گێراویەتی. خودی ئەوەی کە تورکیا ئامادەیە تەحەمولی ئەو زەرەرە بکات کە لە درێژەدان بە ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمدا بەری کەوتووە، ئەوەمان پێدەلێت کەکارتی نەوتی هەرێمی بەدوای بڕیارەکانی دادگای فەرەنسادا، بۆ دەخاڵەتکردن لەدۆخی عێراقدا بەدەستەوەگرتوە، دیارە لەسەردانەکەی ئەم دوایەی مەسرور بەرزانیدا، ئەم بابەتە باسکراوە و زەمانەتی ئەوەش بەپارتی و حکومەتەکەی دراوە، کەتورکیا وەک پشتیوانیەکی ستراتیژی پارتی و هەرێم و هەموو ئەو ڕیکەوتنانەی پێکەوە کردویانە وەک خۆی دەمێنێتەوە. بەومەرجەی پارتی وەلامدەرەوەی سیاسەت و هەنگاوەکانی تورکیابێت لەئاست ناوچەکەو عێراقدا.

تائەوجێگەیەی کەبە مەبەست و ئامانجی پارتی لەم سەردانەدا دەگەریتەوە، ڕۆشنە کەپێویستی بەدەخالەتگەری تورکیا لەعێراقدا هەیە و ئەویش بەحزوری تورکیا لە ڕیکەوتنە نەوتیەکانیدا لەگەڵ بەغدادا، لەپشتیوانەیەکی ناوچەیی بەهێزی وەک تورکیا بەهرەمەند دەبێت بۆ ڕاگرتنی هێزهاوسەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە شێعیەکاندا. بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە حکومەتی عێراق ڕۆژ بەرۆژ بەشێوازی جیاجیا، لەهەولدایە دەسەلاتی بەسەر هەرێمدا مەرکەزی بکاتەوە و هەموو ئەو ئیمتیازاتانە لەحزبە دەسەلاتدارەکان وەربگرێتەوە کە لە سەردەمی دانانی دەستوردا پێیان درابوو، بەرادەی ئەوەی کە گشت قەوارەی هەرێم لاواز و لاوەکی بکاتەوە بۆ سەر ئاستی باقی پارێزگاکانی تری عێراق.. ئەمەیە مەغزای سیاسی سەردانەکەی ئەم دوایانەی مەسرور بەرزانی بۆ تورکیا.

٢٣/٦/٢٠٢٣

**لە بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە:**

- **ئازادیی بێقەیدوشەرتی بیروباوەڕ، دەربڕین، کۆبوونەوە، چاپەمەنی، خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکان.**
- **ئازادی تەواو و بێقەیدوشەرتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن، ئازادی ڕەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی، کەلتووری و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە ئاماژەیەک بۆ بەناو موقەددەساتی میللی و نیشتمانی و دینی و..تاد لەیاساکاندا وەکو فاکتەرێک بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕەخنە و ڕادەربڕینی جەماوەر.**
- **قەدەغەکردنی هەرجۆرە وروژاندن و چاوسوورکردنەوەیەکی دینی و میللی و..تاد لەدژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی تاکەکان.**
- **ئازادی دینداری و بێدینی.قەدەغەکردنی پشکنینی بیروباوەڕ، مافی هەرکەسێک لە سەرپێچیکردن لە شایەتیدان لە دژی خۆی کە ببێتە بەڵگەی تاوانبارکردنی خودی ئەو کەسە، ئازادی نەدرکاندنی بۆچوون و بیروباوەڕی شەخسی.**

# باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر عێراقدا!

## عوسمانی حاجی مارف

داگیرکاری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سەدام و وێرانکردنی بنەما ئابوریەکانی، ئەو واقعیەتە بوو کە عێراقی کردە مەیدانێکی سیاسی ئاوالا بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەو بارەیەوە کۆماری ئیسلامی، عێراقی کردە بنکەو مەیدانێکی تایبەت و فراوان بۆ چالاکیە سیاسی و تیرۆریستیەکانی لە ناوچەکەدا. تا ئێستاش هۆکارێکی سەرەکی لە ناجێگیری سیاسی لە عێراقدا دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامیە لە پێکهێنان و پشتگیری هێزی میلیشیای لایەنە شیعەکان. لەهەمانکاتدا دەورو کاریگەری ڕاستەوخۆ دەبینێت لە پێکهێنانی حکومەتەکانی عێراقدا. بەجیا لەوانەش لەباری ئابوریشەوە بازاڕی عێراقی کردۆتە بازاڕێکی گەورەی ساغکردنەوەی کاڵاکانی. بەمانایەک عێراق بۆتە نازو نیعمەتێکی تایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی.

ئەو دەروازانەی دەکەونە سەر سنووری ١٦٠٠ کیلۆمەتری نێوان عێراق و ئێران، لە ستراتیجی ئێراندا بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا، پێگەیەکی دیار و بەرچاویان بۆ ئابوری ئێران هەیە. ئەم ستراتیژە لەڕێگەی سیستەمێکی سیاسیی وەها بەڕێوەدەبرێت کە پێکهاتەکانی حکومەتی عێراق بەگشتی پاشکۆبونی خۆی بۆ ئێران بەرجەستەکردۆتەوە. کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە هەموو ئاستە سیاسی و دامەزراوەیەکاندا سیستماتیک بچێتە ناوەوەو کۆنترۆڵی بازاڕی عێراق بکات. هەروەها ئەم ستراتیژە عێراقی کردۆتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵا ئێرانیەکان، کە زۆربەی کاڵاکان بە دەروازە سنووریەکان بەمەرجی ئیمتیازاتدان بە ئێران تێدەپەڕێت. ناسیۆنالیزمی عێراقی، کە زیاتر بە دژایەتیکردنی هەژموونی ئێران لە عێراقدا پێناسە دەکرا، ئێستا لەم دۆخەدا بەناچاری دەرگای بازاڕەکەی بۆ ئێران کراوەیە.

لە نێوان عێراق و ئێراندا(٩)نۆ دەروازەی سنوری فەرمی هەیە، کە لە ساڵی ٢٠١٢دا گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێناوە، کاتێک عەلی خامەنەیی، خوازیاری بەرەوپێشبردنی ئەو شتە بوو کە بە "ئابووری بەرگری ئێران" ناوی برد. دەروازەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ گرنگی زیاتریان پێدرا، کاتێک ئێران بیرۆکەی ئابووری بەرەنگاری گۆڕی بۆ سیاسەتێکی حکومەتەکەی، لەبەرامبەر زیادبوونی ئابلوقە ئابووریەکانی ڕۆژئاوادا. لەبەرامبەریدا کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی داوە بەرهەمهێنانی کاڵای غەیرە نەوتی لە پێشینەی کارەکانیدا بخاتە پێشەوە، تا ببێتە سەرچاوەیەکی تری داهات لە بەرامبەر هەناردەکردنی نەوتدا. بەم شێوەیە ئێران دەستی کرد بە دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە کۆمپانیای وەهمی، بۆئەوەی بەشێوەیەکی نایاسایی دۆلاری ئەمریکی لە عێراق بەدەست بهێنن و بە قاچاخ بیخەنە ناو ئێرانەوە. ئەم سیاسەتە نوێیە کاریگەری هەبوو. لە ساڵی ٢٠١١ واتە پێش ئەوەی ئەم سیاسەتە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهای هەناردەی ئێران بۆ بەرهەمە غەیرە نەوتیەکان ٢٦.٦٥ ملیار دۆلار بووە. لە ساڵی٢٠١٣ بەهای ئەو هەناردەکردنانە٢٨،٣٦ ملیار دۆلار بووە،. لە ساڵی ٢٠٢١دا کۆی بەهای هەناردەکردنی غەیرە نەوتی ئێران گەیشتووەتە ٤٠ ملیار و ٧٤ ملیۆن دۆلار.

لە مانگی نیسانی ٢٠١٩، حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران، داوای کردوە کە "قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی" بە بەرهەمە وزەییەکانەوە زیاد بکرێت بۆئەوەی بگاتە زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار لەساڵێکدا. هەر لەو ساڵەدا جەواد زەریفی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندبوو، عێراق "هاوبەشە بازرگانیە گەورەکەمانە". چونکە ڕۆیشتنی یەکلایەنەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق وەک جۆرێک لە مامەڵەی ئابووری یەکسان نیشان ئەدرا. بەڵام واقیعی دۆخەکە ئەوەیە کە عێراق هیچ بە ئێران نافرۆشێت. هەموو شتێک کە لە ئێرانەوە هەناردە دەکرێت بۆ عێراق بە دەروازە سنووریە فەرمیەکاندا تێدەپەڕێت. هەروەها دەزگای نافەرمیش هەن کە بە گشتی لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و لایەنگری ئێران و باندەمافیاکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەتایبەتی چەک و مادەی هۆشبەر.

جگە لەوەش ئێران هەمیشە دۆخی ناسکی دەوڵەتی عێراقی زیاتر قۆستۆتەوە. پەرەسەندنی هەڕەشەی داعش بووە هۆی ئەوەی نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠١٤دا بڕیارێک بدات و داوا لە میلیشیاکان بکات سوپایەکی خۆبەخش پێکبهێنن بۆ پڕکردنەوەی بێتوانایی و لاوازیەکانی سوپای عێراق، کە بەهۆی شلوشێواوی و گەندەڵیەوە هیچ بەرگریەکی بۆ نەکرا. ئەو سوپایە هەر لەسەرەتای بەرەکانی شەڕدا ئاستێکی خراپیان نواندو لە موسڵ هەڵاتن. ئێران پشتیوانی ئەم هەنگاوەی مالکی کرد و سوودی لێوەرگرت. تەنانەت ئەو فەتوایەی کە لەلایەن سیستانی لە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە و داوای لە عێراقیەکان کردووە بچنە نێو جیهاد دژ بەداعش، کە ئەوەش دەرئەنجامی ڕازیکردن و کاریگەریی قاسم سولەیمانی بوو!

میلیشیاکان بەتایبەتی "حەشدی شەعبی"بەخێرایی وەک یەکەیەک کۆکرانەوەو فەرمیکران. دەخالەتیان پێکرا لەشەری دژی داعشدا. لەهەمانکاتدا بەنهێنی کاریگەریەکانی خۆیان بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق درێژکردەوە. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٠، ⇦

⇨ بەتایبەتی لە سەردەمی دەستبەکاربونی حەیدەر عەبادیدا و پاشان دەستبەکاربونی عادل عەبدولمەهدی، کۆنترۆڵی میلیشیاکان بەسەر دەروازە سنوریەکاندا جێکەوت. ئەگەرچی ناڕاستەوخۆش بێت کەلوپەل لە ئێرانەوە بەبێ ئەوەی سنوردار بکرێت هاتە ناو عێراقەوە. ئەوەی جێگای بیرهێنانەوەیە گەندەڵیش لەدەروازە سنوریەکاندا زۆر بەزویی و فراونی تەشەنەی کرد.

کاتێک لە مانگەکانی یەکەمی هێرشی داعشدا، ئێران پشتیوانی عێراقی کرد، لەهەمانکاتدا ئەمریکا لە مالیکی ڕازی نەبوو، ئامادەش نەبوو پشتیوانی بکات. لە ماوەی شەڕی چوار ساڵەی دژی داعش، نفوزی ئێران لە عێراق گەیشتە لوتکە. بەڵام ئەوەی شایانی باسە دابەزینی هەستی لایەنگری بۆ ئێران، بەدوای شکستی داعش لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی پێکرد. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی توڕەیی و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بەرامبەر بەلایەنە سیاسیە گەندەڵەکانی شیعەی عێراق. کە لە ساڵی ٢٠١٨ خۆپیشاندەران ئاگریان لە کونسوڵخانەی ئێران و نوسینگەکانی حزب و میلیشیاکانی لایەنگری ئێران لە پارێزگای بەسرە بەردا. ئەمەش لە چوارچێوەی خۆپیشاندانی بەرفراوانتردا کە چوار مانگی خایاند بەهۆی خراپی خزمەتگوزاریە گشتیەکانەوە. ئەم ناڕەزایەتیانەی بەسرا خاڵی وەرچەرخانێکی پێکهێنا کە زەمینەی بۆهەڵگیرسانی دیارترین بزووتنەوەی ناڕەزایەتی تشرین لە ساڵی ٢٠١٩دا خۆشکرد، کە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی لەخۆگرتبوو. پریشکی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی تشرین، لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ دەستیپێکرد و ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو. کاریگەری هەبوو لەسەر قووڵکردنەوەی بۆشایی جیاکردنەوەی خەڵکی ناڕازی عێراق لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا. هەر ئەوکات خامەنەیی لە تویتێکدا نووسیبووی کە ئەو ناڕەزایەتیانە ئاژاوەگێڕیە، بەدەورو پشتیوانی ئیسرائیل! خامەنەیی داوای لە هێزە ئەمنیەکانی عێراق کرد سەرکوتی بکەن. خۆپیشاندەرانی عێراق وەڵامیان دایەوە و لەچەند شارێکی عێراق کونسوڵخانەکانی ئێرانیان سووتاند.

ئەوەبوو حکومەتی مستەفاکازمی کە لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠ پێکهێنرا، وەک هەوڵێک لەلایەن لایەنە باڵادەستە شیعەکانەوە بۆ هێورکردنەوەی توڕەیی و ناڕەزایەتی شەقام. کازمیش ویستی وەهای نیشان بدات کە پاڵپشتی ڕاستەقینەی ئەو لایەنانە نییەکە لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدان، بۆیە لە هەوڵێکدا بۆ دروستکردنی بنکەیەکی کاریگەری سەربەخۆ، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لایەنگرانی بزووتنەوەی ئۆکتۆبەر، بەم شێوەیە زنجیرەیەک ڕێوشوێنی چاکسازی دەستیپێکرد. یەکێک لەو ڕێوشوێنانە دووبارە دامەزراندنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بوو بەسەر دەروازە سنووریەکاندا. کازمی فەرمانیدا هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا کە یەکێکە لە هێزە نوخبە عێراقیەکان، کە لەلایەن ئەمریکاوە مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا، لە دەروازە سنووریەکان لەگەڵ ئێراندا جێگیربکرێن.

لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، عەلی عەللاوی، وەزیری دارایی لە حکومەتەکەی کازمیدا، فەرمانێکی دەرکرد کە تێیدا هاتووە "هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبونی باجی گومرگی کە بە دەوڵەتەکان و دامودەزگاکانی حکومەت دەدران"، ئەم ڕێوشوێنانە کە عەللاوی گرتیەبەر، بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ئێرانەوە بۆ عێراق بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک. بەڵام زۆری نەخایاند لەکاتێکی دواتردا دووبارە بەرزبووەوە و سوودی لە کۆمەڵە لێخۆشبوونێکی جیاواز وەرگرت کە حکومەت نەیتوانی هەڵیبوەشێنێتەوە.

کازمی ئەو پلانەی پەسەند کرد، کە لەلایەن دەسەڵاتی دەروازە سنووریەکانەوە پەرەی پێدراوە، بە ئامانجی جێبەجێکردنی ئۆتۆماتیکی ئەلیکترۆنی لە دەروازە سنووریەکان، بەڵام تا ئێستاش تەرازووی میکانیکی بەکاردەهێنن. مامەڵەکان بە دەستی ئەنجام دەدەن و سیستەمی پارەدانی نەختینەیی ڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکەن، نەک ئەلیکترۆنی. بەڵام پڕۆژەی ئۆتۆماتیکیکردنی دەروازەکان هەرگیز بەدی نەهات. دواجاریش حکومەتی کازمی نەیتوانی چاکسازیەکانی پەیوەست بە دەروازە سنووریەکانەوە جێبەجێ بکات. دەروازەکانیش کۆنترۆڵ نەکران. هەربۆیە دۆخەکە ئاوالایە بۆ ئێران و لایەنە شیعەکانی حکومەتی عێراق، کە بتوانن بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردنی ئەو دەروازە سنوریانەدا.

وەک دەبینین دۆخەکە لە سایەی دەسەڵاتی شیعەکان و پێگەیەک نوری مالکی لە حکومەتی عێراقدا هەیەتی ئەوە بەزەحمەت نیشان ئەدات، کە چاکسازی بەمانای دورخستەوەی دەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی لە دەروازە سنووریەکان جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی ئێستا لە بانگەوازی مالکی و لێپرسراوانی حکومەتی عێراقدا بەدی دەکرێت، لە هەوڵی ئەوەدان باڵادەستی ئێران، بەسەر عێراقدا و جێکەوتنی دەسەڵاتی شێعە یەکلاییکەنەوە. هەرلەم چوارچێوەیەشدایە بەو پێگەیەی لە حکومەتی عێراقدا بەدەستیان هێناوەو پشتیوانی ئێران پاڵپشتێکی گەورەیە بۆیان، لەهەوڵی بەرتەسکردنەوە یان کۆتاییهێنان بە قەوارەی هەرێمن، بۆ دورخستنەوەی دەورو دەخالەتی ئەمریکایە لە عێراقدا، بە قازانجی ئێران، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەم یاریەدا تێوەگلاوە.

★

---

*بۆ ئەم وتارە سود لە وتارێکی"عەقیل عەباس" وەرگیراوە، کە کەسایەتیەکی ئەکادیمی و نوسەرو ڕۆژنامە نوسی عێراقیە و مامۆستایە لە دانیشگای ئەمریکی لە سلێمانی.

# تەنها بەرەی ئازادیخوازان دەتوانێت ڕێگا لەم تیرۆریزم و ئینسانکوژیە بگرێت!

ئێوارەی پێنج شەممەی ٢٢ حوزەیران، لەشارۆچکەی چەمچەماڵ گەنجێک بەناوی "خواناس وریا" دەدرێتە بەردەسترێژی گوللە و تیرۆردەکرێت. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی، ڕایگەیاندوەکە کەئەم کردەوە تیرۆریستیە بەهۆی بیروڕای جاوازەوە بوە. بەم جۆرەش تاوانی "خواناس وریا" وەک کەسێکی هونەرمەندو ئازادیخواز وئینساندۆست، سوربونی بوە لەسەر باوەڕەکانی وبەم هۆیەشەوە فتوای تیرۆری بەسەردا دەدرێت.

بێگومان خەڵکی کوردستان بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردو کارنامەی ڕەش وئینسانکوژی ئەم ڕەوتانەی لەبەرچاوە کەچۆن کوشتنی ژنان وتیرۆری کەسانی سکولار وئازادیخوازیان، لەپاڵ بانگەشەکردن بۆ کۆنەپەرستی و هەوڵەکانیان بۆ حجابکردنی کچانی منداڵ وهەڕەشەکردن لەنوسەرو هونەرمەندان وڕێکخراوەکانی ژنان وهەرکەس ولاینێک کەهەڵگری بیروڕای ئازادیخوازی ویەکسانی خۆازی بێت، کردۆتە گۆشە سەرەکیەکانی ئەم کارنامە ڕەشەیان، کەبێگومان ئامانج لێی سەرکوتی کۆمەڵگا و لە قاڵبدانی ژیانی مەدەنیانەی هاوڵاتیانی کوردستانە، بەپێی یاساو شەریعەتێک کەنەک هەر جێگایەک بۆ بیروڕای جیاواز وچاولێکردنی ژنان وەک ئینسانێک ناهێڵێتەوە، بەڵکو تیرۆرو سەرکوت وکۆنەپەرستی وڕەشەکوژی پەرەپێدەدات. خەڵکی کوردستان تاوانەکانی داعشیان لەبەرچاوە کەچۆن بەحوکم وباوەڕی ئیسلامی دیلەکانیان بەبەرچاوی کۆمەڵگاوە سەردەبڕیێ و لەقەفەزدا ئاگریان تێبەردەدا. بەمجۆرەش بکوژی خواناس و ماریاکان وهەموو ئەوانەی کەدەستی ئینسانکوژی ئیسلامی سیاسیان پێگەیشتوە، هەر بەتەنها خودی ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستیەکە نیە، بەڵکو کارەکتەرەکانی پشتی ئەو ژینگەیەیە کەمەلاو سەلەفی وبانگخواز وڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، دەمی فتوایان تێدا کراوەتەوە وجاڕ بۆ تیرۆرو ئینسانکوژی دەدەن.

بەڵام ئەگەر کارنامەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتەکانی بۆ خەڵک ئاشکرابێت، ئەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانن کەئەم ئینسان کوژانەیان بەرداوەتە گیانی کۆمەڵگاوە وئەوە ئەوانن کەفرسەتیان داوە لەمینبەری مزکەوتەکانەوە فتوا دەربکەن وهەڕەشە لەژنان ونوسەران و هونەرمەندان و هەڵگرانی بیروباوەڕیێ ئازادیخوازی وسکولار بکەن، ئەوە ئەوانن کە پارەوپول ودەزگاکانی میدیایان خستۆتە ئیختیاریانەوە و وەزارەتی ئەوقاف ویەکیەتی زانایانی ئاینیان بەسەرسەری کۆمەڵگاوە ڕاگرتوە وشەریعەتی ئیسلامییان لەیاساکانی هەرێمدا جێگیرکردوەو لەپەرلەمان و حکومەتدا جێگای بۆ کردونەتەوە. تەنانەت ئەوە ئەوانن کەبۆ ڕاگرتنی هاوکێشەی سیاسیان لەبەرامبەر بەیەکدا، مەلا وبانگخواز وسەلەفیەکان بگرنە باوەش ولای سەروخۆیانەوە دایان بنێن. لەکاتێکدا کەئەوە هەر مەلاو بانگخواز وزانایانی ئاینی وڕەوتە ئیسلامیەکانن کەدەستی فتوادانیان لەدژی بیروڕای جیاواز ونوسەران وهونەرمەندان و ڕیکخراوەکانی ژنان درێژکردوە. داخستنی ڕیکخراوی ڕاسان لەلایەن فەرمانگەی ڕیکخراوە ناحکومیەکانەوە، تا داخستنی کەیسی جێندەر وڕێگەنەدان بەکوڕوسمیناری ڕوشنبیرانێک لەکەلارو سلێمانی.. هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆئەوەی کەلەپشت هەر تیرۆرو ئینساکوژیەکەوە، لەپشت هەر فتوادەرو مەلاو بانگخواز و هەرسەلەفیەکەوە ئەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانن کەبۆ هێشتنەوەی پایەکانی دەسەڵاتیان وبردنەپێشیوەی سیاسەتەکانیان وەک کارتێک ئیسلامو ئسیلامی سیاسی بەدەستەوە دەگرن، ئەمەشیان لەسەر حسابی زاڵکردنی سەرکوتی بیرورای ئازادو پەرەدان بەکۆنەپەرستیو تیرۆرۆ ترسوتۆقاندن، تابتوانن جەماوەری نارازی بێدەنگ ڕابکرن وبازاڕی کۆمپانیاکانیان بچەرخێنن. کۆتایی هێنان بەم تیرۆرو ئیسنان کوژیە وبەستنی دەمی فتوادەرانی ئیسلامی کاری بەرەی ئازادیخوازی کۆمەلگای کوردستانە. هاتنەمەیدانی یەکگرتوانەی بەرەی ئازادی خوازی، لەدژی تێرۆری"خواناس وریا" ودانانی سنورێک بۆ مەلاو بانگخوازو سەلەفیەکان وهەمو ئەوانەی لەپشتی ئەم تاوانەوەن، کارێکی دەستبەجیەو نابێ ڕێگە بدرێت بەوەی کەهیچ کەسێک لەسەر رەخنەگرتن یان دەربڕینی بۆچوون و بیروڕا، ڕوبەڕوی هەرەشەو کوشتن بکرێتەوە، دەبیت ئەوانەی لەپشت ئەم تیرۆرەوەن ئاشکرا بکرێن و ڕووبەڕوی دادگا بکرێنەوە. هاوکات دەبێ دەسەڵاتداران ناچار بکرێن بەوەی کە ئازادی بێمەرجی سیاسی، ئازادی بیروراو ڕەخنە لەهەر باوەڕیک، بەڕەسمی بناسێنی وسەرپێچی کەرانیان وەک تاوانبار بناسرێن. بێگومان دەستکۆتاکردنی یەکجارەکی کۆنەپەرستی و دورخستنەوەی دەستی ئیسلامیەکان لەسەر کۆمەڵگە، بە خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا و کۆتایی هێنان بەهەژمونی ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر ژیانی خەڵک و جێگرتنەوەیەتی بە دەسەڵاتێکی سکولار وجەماوەری ڕێکخراو لە شوراکاندا گرێی خواردوە. دەسەڵاتێک کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزانی بۆ هەموان دابین بکات.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٣/٦/٢٠٢٣**

# دەستێک لە پشتی تیرۆرەوە!
# کەیسی "خواناس وریا"

جەمال موحسین

لەم وتارەدا خواناس بە بێخودا ناو ئەبەم.
لەڕووی شەخسیەوە شاردنەوەی نائارامی و پەژارە بۆ لەدەستدانی گەنجێکی پڕلەهیوا کە دید و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئاین نەشاردۆتەوە و بەئاشکرا و ئازایانە بیروڕای خۆی دەربڕیوە، ئاسان نییە! کەسێک تیرۆر کراوە. ئەگەرچی بەداخەوە کوردستان مێژوویەکی لەگەڵ تیرۆردا هەیە، بەڵام هەریەکە و بەجۆرێک بووە و هەریەکەش سوییەکی تایبەت بەخۆی هەیە. دنیای پڕ وزە و لەنجەی سەمائاسای بێخودا وریا هەروەک خولیای گەنجانی جۆشدا بوو، تورەیی و پەستی کۆنەپەرستانیشی گەیاندبووە سەروو لوتیان. ئاخر لەکاتی تیرۆرکردنی ماریا سامیدا، بەدەستی نزیکترین کەسی خۆی کە تائێستاش بۆ خەڵک دەرنەکەوت بەناوی ئیسلامی سیاسیەوە چۆن حزبی ڕەنگزەردی ئەو دەڤەرە ئەو کارەی ئەنجام دا، بێخودا نەیشاردەوە کە لەسەر موسڵمان و مەسیح و بودی و بێباوەڕبوون و بێخودایی و هەر بیروڕایەکی تر، کەس مافی سەندنەوەی ژیانی لە کەسی تر نییە، کەچی ژیانیان لە خۆشی سەندەوە.

کێن ئەو دەستە ڕەشانەی وایان لێئەکرێ پەنجەپیانان بە پەلەپیتکەی تفەنگ و هەڵگرتنی پەرداخێک ئاو لایان وەک یەک بێ؟ بۆچی ئەو دوو جۆرە لە گەنج بوونیان هەیە، لەکاتێکدا هەردوو جۆرەکانیان سەر بە خەڵکێکی هەژار و دەستەنگن؟! ئەوە سیستمێک و جۆرێک لە حوکمرانی و بەڕێوەبردنە دوو بەرەی دروست کردووە هەردووکیان هەژار کراو و بێبەش لە تواناییەکان و سەروەتی کۆمەڵگە. یەکێکیان لە ئەنجامی بەرەنگاریکردن و نارازیبووندا ئەکەوێتە ڕۆیشتن بەپێچەوانەی شەپۆلی باوەوە و یەکێکیشیان بەناچاری و فریودان و خۆشخەیاڵ بوون، یان ئەبێتە چەکداری هەر ئەو هێز و دەسەڵاتەی ڕەشوڕووتی کردووە، یان پاڵ بەوەهمی خودا و ئاینەوە ئەدات و خۆی بۆ بەهەشتی ئەودنیا هەڵئەگرێ تا بەخەیاڵی خۆی لە نەگبەتیەکانی ژیان و دنیا بحەسێتەوە.

دەسەڵات لە سەرکوت و ئەزیەتدان و زیندانیکردن و تیرۆرکردنی جۆری یەکەمدا دریغی نەکردووە و لەپێگەیاندنی جۆری دووەمیشدا هەروا. دەسەڵات وەک پایەیەکی ئایدۆلۆژی پاڵیداوە بە ئاینی ئیسلام و شەریعەتەوە. بۆیە هەر کاتێک کار و چالاکیەک، دەربڕینێک، ڕەخنەیەک لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە کرابێ و لەبۆتەی ئەم ئایدۆلۆژیەی دەسەڵاتدا نەتوابێتەوە، لەژێر پاساوی لادان لە شەریعەت و یاسا کۆنەپەرستانەکانیاندا دەستیان بۆ سەرکوت و تا ڕادەی تیرۆریش بردووە. ئەوە دەسەڵاتە ڕێی خۆشکردووە مزگەوتەکان ببن بە مۆڵگەی بانگخوازانی فەتوادەر. پارەی لەخشتەبردنی گەنجان و کردنیان بەدوژمنی کەسانی بێباوەڕ و نائاینی و هاندانیان بۆ کوشتنی ئەمانی داوە بەو مەلا و بانگخوازانە. ئەوە دەسەڵاتە دەمی ئەوانی چەور کردووە تا هەرچی جنێو و قسەی ناشرین و سوکایەتیە بە هەڵسوڕاوانی ژنانی بدەن. بەئاشکرا باسی کوشتنی ئازادیخوازان و بێباوەڕان و بێخودایان و هەر دەنگێک بکەن کە ئەوان پێیان "لادەر" بێت. ئەوە دەسەڵاتە وەزارەتی ئەوقاف و زانایانی ئاینی داناوە و پارەی دزراوی خەڵک ئەکات بە قوڕگیاندا و لەژێر ناوی چەندین دەزگادا بزنسی گەورەیان داناوە. بەرهەمی کۆمەڵایەتیەکەشی پێگەیاندنی کەسانێکە لە نمونەی بکوژی بێخودا وریا کە توانیویەتی بەئاشکرا بانگەشەی کوشتن بکات و دوای ئەوەش کە دەستگیر ئەکرێ، دان بەوەدا ئەنێ لەسەر جیاوازی بیروڕا کوشتوویەتی.

ڕاستە کە جۆری کوشتنەکە و ئەو هەڕەشانەی پێشتر لە بێخودا وریا کراوە ڕاست و ڕەوان نیشاندەرن کە تیرۆرە بە دەستی باوەڕدارێکی ئیسلامی، کەسێک کە مێشکی ئاخنراوە بە بیروڕای دواکەوتوو و ڕق و قینە و حەز بە تۆڵەکردنەوە و کوشتنی کەسانێک کە خۆیان وتەنی "جنێو بە ئاین و پێغەمبەرەکەیان ئەدەن". کەسێک کە لەولاشەوە پاڵپشتیی مادی و مەعنەوی دەسەڵات لەو ڕەوت و مەیلەی ئەو لەسەری مەلە ئەکات، ئەبینێت. ئاگادارە کە چۆن دەستڕۆیشتووترینی ئەم مەملەکەتە دەستی لەسەر سنگی بۆ ڕابەرەکەی ئەم داناوە و ئەویش چۆن ستایش و پاڵپشتی ئەو "وەلی ئەمرانە" ئەکات.

دەستێک لەپشتی تیرۆری بێخودا وریا و کەسانی هاوشێوەیەوەیە. دەستێک کە بەهۆی قەیران و بێوەڵامی بەپێداویستیەکانی ژیانەوە کۆمەڵگەی نوقمی بێمافی و پشێوی کۆمەڵایەتی کردووە، برەودانی بە کۆنەپەرستی گەیاندۆتە لوتکەی خۆی، لەپشتیشەوە شمشێر ئەداتە دەست گەنجە گۆشکراوەکان بە داعشیزم و وەک تەماشاچییەک بەبەرچاویەوە ئازادی تیرۆر ئەکرێ. ئەمانە هەمووی لە درێژەی پرۆسەی ئیمانی دەسەڵات و هەوڵدانی ئەوانە بۆ پێشگرتن بە هەر پێشکەوتن و ئازادیەک کە کۆمەڵگە لە بنەوە دەستی بۆ ئەبات. هاوکات ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە کە بەنیازە کۆمەڵگە بەپێوەری زیاد لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵکوژ بکات بەحوکمی (اللە)، هەروەک

بانگخوازێک لە دوای تیرۆری بێخودا وریاوە، مایکی کەناڵێک خراوەتە بەردەستی و بنەماکانی ئەو حوکمە ڕۆشن ئەکاتەوە.

ئەوان نابێ بتوانن درێژە بە هەڕەشە و فەتوای کوشتنی بێباوەڕان و بێخودایان و ئازادیخوازان بدەن. نابێ بەرەی ئازادیخوازی دەستەوئەژنۆ دانشین. لەناوخۆی کوردستان پێویستە برەو بە جوڵانەوەی ڕەخنە لە ئاین و هەر بیروڕایەک بدەین، برەو بە ئازادی دەربڕین و ئاینداری و بێئاینی بدەین و لە دەرەوەی وڵاتیش ئەو کۆنەپەرستیەی ژینگەی لەباری لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ خوڵقاوە ئاشکرا و ڕسوا بکەین. ئەوە دەسەڵاتە کە ئەبێ لەژێر فشاری جوڵانەوەی ئازادیخوازیدا ناچار بکرێ دەمی کۆنەپەرستی ببەستێ. فەتوادەرانیان ڕاپێچی دادگا بکرێ و کۆمەڵگە لە تیرۆریزمی ئیسلامی و هەوڵ بۆ پاکتاوکردنی بێباوەڕان و بێخودایان بپارێزرێ. ئەگەر نا دوێنێ ماریا و ئەمڕۆ (خواناس) تیرۆر ئەکرێن و سبەی ئازادیخوازی هەموو لە قەفەز ئەنرێ. ئەوە ئەو دەستەی پشتی تیرۆرەوەیە کە ئەبێ زنجیری ئازادیخوازی لێبئاڵێنرێ!

★

# له بەغدا دروشم دژی ئێران و ئەمریکا وترایەوە!

## مستەفا باهیر

ڕۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ، لە یاریگای مەدینە لە شاری بەغدادی پایتەخت، کۆتا یاری " جامی ڕۆژ ئاوای ئاسیا" بەئامادەبوونی زیاتر لە ٣٢ هەزار هاندەر ئەنجام درا . یاریەکە لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی "عێراق و ئێران " دا بوو. دوای یارییەکی بەهێز و سەرنجڕاکێش، دواجار هەڵبژاردەی عێراق توانی بەلێدانی یەکلاکەرەوە ( پەنالتی ) یاریەکە بەرێتەوە و نازناوی ئەو پاڵەوانێتیە بەرێت بۆخۆی .

ئەوەی کە جێگای سەرنج بوو، لەکاتی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئێران و ووتنی سرودی نیشتمانی لەلایەن تیمی ئێرانەوە، هاندەرانی بەشداربووی یاریگاکە، هەموو پێکەوە و لەیەک کاتدا و بەدەنگێکی یەکجار بەرز، دەستیانکرد بە فیکەلێدان. ئەمەش بوەهۆی ئەوەی هیچ کەس گوێبیستی سرودەکە نەبێت! دوای تەواوبونی سرودەکە لەلایەن هاندەرانەوە دەستکرا بە ووتنی دروشم دژی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و ئەمریکا. بەڵام دروشمەکان زیاتر ڕوو بەدەوڵەتی ئیسلامی ئێران بوو. سەرەتا دەزگا ڕاگەیاندنەکان خۆیان لادا لەباسکردنی ئەم هەواڵە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی چەند گرتەیەکی ڤیدۆیی لە سۆشیال میدیادا، دەسەڵاتی ئیسلامی شیعە لەعیراق ناچاربوون بێدەنگی بشکێنن!

سەرەتا دەزگا ئەمنیەکان ڕایانگەیاند کە ئەوانە کۆمەڵێک کەسی گێرە شێوێن بوون و ئامانجیان نانەوەی پشێوی لەناو یاریگاکەدا بەمەبەستی دزیکردن و چەند کەسمان لەوانە دەستگیرکردوە کە دزیان کردوە! هەروەها عەمامە بەسەرەکانی شیعە ناچاربوون بێنە سەر شاشەی تیڤیەکان و ڕابگەیەنن کە ئەوەی ئەوکارەیان کردوە ژمارەیەکی کەم بوون لە بەعسیەکان، چونکە ئەم کردەوانە کردەوەی خەڵکی ڕەسەنی میواندۆستی عێراق نیە و یاری و سیاسەت نابێت تێکەڵ بکرێت!

بەڵام لەراستیدا ئەمە پەیامێک بوو کە لەلایەن هاندەرانی یاریگاکەوە درا به پارتە ئیسلامیە شیعەکانی عێراق و دەوڵەتی ئێران و ئەمریکا، چوونکە هەموو خەڵکی عێراق باش ئەوە دەزانن کە کۆنترۆڵی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانەی عێراق بەدەست ئەم دوو وولاتەوەیە. ئەم حزبانە زیاتر لە بیست ساڵە دەسەڵاتدارن لە عێراق، بێجگە لە نەبونی و کوێرەوەری هیچ شتێکیان بۆ خەڵکی هەژاری عێراق نەهێناوە. ئەم حزبانە سەروەتێکی زۆری عێراقیان لەبەردەستەو هەموی فەرهود دەکەن بۆ خۆیان و ئاغاکانیان لە ئێران. خەڵکی هەژاری عێراقیش بەدەست نەبونی خزمەتگوزاری وەک "تەندروستی ، ئاو، کارەبا ، پەروەردە و بیکاری.. هتد "ەوە دەناڵێنن. هەروەها سەرەڕای بونی ئەو سەروەتە زۆرەی کە لە عێراقدا هەیە ، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی هەژاری لە تەواوی وولاتدا بەرەو زیادبون دەڕوات. بۆیە ئەو جەماوەرەی لەو یاریگایە ئامادەبوون بەشداری تیمی ئێرانیان بەفرسەت وەرگرتوە تا لەو ڕێگایەوە پەیامی نارەزایەتی و نەفرەتی خۆیان بگەینە دەسەڵاتداران لە ئیران و ئەمریکا! چونکە ئەم دوو دەوڵەتە بەهۆکاری سەرەکی ئەو هەموو کارەساتە دەزانن کە بەسەر خەڵکی هەژاری عێراقدا هاتوە و لەهەر کاتێکدا دەرفەتیان هەبێت باڵا دەستی ئەو دوو دەولەتە و حزبە بەکرێگیراوەکانیان لە عێراق وەدەر دەنێنن.

★

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

# پەندوەرگرتن لە ڕابردوو!

## عوسمانی حاجی مارف

لەم دۆخەی ئێستادا، کە بینەری زیاتر ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقین، بەدوای بیست ساڵ لە ئەزموونی پێکهێنانی دەسەڵات، بە پێگەو ڕۆڵی هێزی میلیشیای تائفی و نەتەوەپەرستی، بەدەستەوەگرتن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە چوارچێوەیەکی میلیتاریستیدا، درێژەکێشان و زاڵبوونی ناسەقامگیری سیاسی، خەریکە بەئاسانی ڕێڕەوی ڕوداوەکان کێشمان دەکات بۆ ئایندەیەکی نادیارتر لە کێشمەکێشی نێوان هێزەکانی شیعەو هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

دوو ئاراستەو دوو وتاری جیاواز دەخوێنینەوە. یەکەمیان وتاری نوری مالکیە دەڵێت ؛ "پێویستە قەوارەی هەرێم هەڵبوەشێنینەوە و کوردستان بچووک بکەینەوەو کوردەکان بگەڕێنینەوە بۆ سنوری پێش ٢٠٠٣ پێش ڕوخانی ڕژێمی سەدام"، لەلایەکی ترەوە مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، خەریکە عێراق بەرەو ئاراستەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردو دەبرێت و داوایان لە دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەوەیە کە ڕێز لە دەستور بگرن. دەشڵێت، "پێویستە نەیارانی کوردستان پەند لەڕابردوو وەربگرن".

وتارەکانی مالکی و مەسرور ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن، کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند پێویستە بەئاستێکی تر لە ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئایندەی پەیوەندی نێوان خۆیان وەک پێشهاتێک بخەینە بەر چاو. مالکی لەلایەک، پارتی دیموکراتی کوردستانی کردۆتە شەیتانێک و لە خەمی ئەوەدایە کە بەرزبونەوەی زیاتری پێگەی بارزانی و پارتی، ببێتە بەربەستێک لە بەرامبەر ئەو نەخشانەی مالکی لە پەیوەند بە ڕۆڵ و دەخالەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا پیادەی دەکات، هەر بۆیە خەریکە بانگەوازی خواستی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم دەکات. لەلایەکی ترەوە سوپاسگوزاری یەکێتی نیشتمانی و بنەماڵەی تاڵەبانیە کە ١٦ی ئۆکتۆبەر کۆمەکی دڵسۆزانەیان بە هێزی سەربازی حکومەتی عێراق کرد، لە گرتنەوەی کەرکوک و دەرپەڕاندنی هێزە میلیشیاکانی پارتی و یەکێتی!

ئەم پاشەکشەیەی هێزەکانی پارتی و یەکێتی لە کەرکوک لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا، دەورانێکی وەها تازەی خستە بەردەم بزوتنەوەی کوردایەتی، کە نەتوانن نەک باس لەسەربەخۆیی کوردستان و "دەوڵەتی کوردی" بکەن، بەڵکو نەتوانن پرۆژەی سەربەخۆیی ئابوری هەرێمیش بخەنە بەرنامەی کاریانەوە. ناچاربوون دانوسان لە ئاستێکی نزمتردا بە مانای ملکەچی گەڕانەوە بۆ بەغدا جێبەجێ بکەن.

ئەتوانین بڵێین دۆخی ئێستا و کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، خەریکە دەورانێک بە پاشەکشەی زیاترەوە لە دەورانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دەگوزەرێنێت. بە مانایەک پارتی و یەکێتی هەریەکەیان بەجۆرێک لە پەیوند بە ئایندەی هەرێمەوە دەرگیرو و سەرگەردانن. گەر بەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەو پێگەیەی لە ناوچەکێشە لەسەرەکان هەیانبوو وە شانازیان پێوە دەکرد، بووە مایەی شەرمەزاریان، لەهەمانکاتدا بچوککردنەوەی قەوارەی هەرێمیشیان لە ئاستێکی دیاریکراودا قەبوڵکرد. هەر بۆیە دروشمی سەربەخۆیی بۆتە پاراستنی قەوارەی هەرێم لەم ئاستەی ئێستایدا!

بەڵام ئایندەیەک یەکێتی نیشتمانی بەدوای زیاتر دابەزینی پێگەی هێزەکەی دەیەوێت پیادەی بکات، هەروەها لە هەوڵی ئەوەشدایە بیکاتە فشار لەسەر پارتی، هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی سەوزو دوو ئیدارەییە. هەوڵ و پەیامی مالکیش بەهەمانشێوە لەڕێگەی پێشنیار بۆ دوو ئیدارەیی دەیەوێت قەوارەی هەرێم بەرتەسکتر کاتەوە یا کۆتایی پێ بهێنرێت. لەهەمانکاتدا مەرکەزیەتی عێراق بەم ڕێچکەیە بەرجەستەکەنەوە.

یەکلاییکردنەوەی ئەم پلان و هەوڵانە لە کێشمەکێشی نێوان هێزە میلیشیاکانی هەرێم و عێراق کارێکی ئاسان نیە، چونکە لە لایەک ئاستی هاوسەنگی تەواوی هێزەکان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هیچ لایەنێکیان بتوانێ باڵادەستی خۆی بەسەر تەواوی عێراق، یا تەواوی کوردستاندا بیرێتەوە. لەلایەکی ترەوە ڕۆڵ و دەخالەت و بەرژەوەندی دەوڵەتی ئەمریکا و وولاتانی ناوچەکە و کێشمەکێشی نێوانیان، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن بە دیاریکردنی هەر ئایندەیەک کە پەیوەست دەبێت بە هەرێم و ناوەندەوە. هەروەها ئەو وڵاتانە دەوریان لەسەر کێشکردنی هێزو لایەنەکانی عێراق و کوردستان ڕەخساندوە، لە بەکارهێنان و بەستنەوەیان بە کێشمەکێش و پلان و بەرژەوەندیەکانیان، هەر ئەم دۆخەیە کە عێراق و کوردستانیان لە ناسەقامگیری سیاسیدا ڕاگرتووە ڕادەگرێت.

بەشێکی تری زەقبونەوەی ئەم دۆخەی ئێستا، ئەو ڕاگەیاندنەی مەسرور بەرزانیە کە بەجۆرێک نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر وتارەکەی مالکیدا دەخاتە ڕوو. لەهەمانکاتدا مالکی بەوە تاوانبار دەکات کە "خەریکە عێراق بەرەو ئاراستەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو دەبات"، هەروەها داواش دەکات؛ "پێویستە نەیارانی کوردستان پەند لەڕابردوو وەربگرن".

ئەم وتارو بانگەوازەی مەسرور، بەهەمانشێوە بەشێکە لە چۆنیەتی ئەو پێگەیەی پارتی کە لەم دۆخەی ئێستای عێراق و کوردستاندا، جێگاوڕێگایەک بۆ خۆی قایلە کە دوای ئەو شکستەش لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بەسەریدا سەپێنرا، تەنها قەوارەیەک بەدەسەڵاتی ڕەهای

خۆی بۆ هەرێم بپارێزێت. واتە بەهەر بەهایەک و بە خولقاندنی هەر کارەساتێک و شەقوشڕی و نەهامەتی بۆ خەڵک و نابەرپرسیاریەکەوە بێت، هەرێمێکی یەک ئیدارەیی ڕاگرێت. لەلایەک یەکێتی بچوکتر کاتەوەو بەشە داهاتی کوردستانیش لە سامانی عێراق لە گەنجینەی دەسەڵاتی بارزانیدا کەڵەکە بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێت. لەلایەکی تریشەوە هاوسەنگی پێگەی سیاسی خۆی لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا بکاتە سەرچاوەی سەرەکی. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد پێشهاتەکان لە دەورو دەخالەتی ئەمریکاو وولاتانی ناوچەکە، تا ئێستا شانسی بە هیچ لایەک نەداوە کە بتوانێ بەرەی هاوکێشەکە بە قازانجی خۆی ڕاکێشێت. واتە لەم نێوەدا مانایەک نامێنێتەوە بۆ دەستەواژەی "پەند وەرگرتن لە ڕابردوو"، یان گەڕانەوە بۆ "ئاراستە تاڵەکانی ڕابردوو"، چونکە ئەوەی ڕۆشنە پێش هەمو شتێک تائێستا پارتی و بارزانی کام پەندەیان لە ڕابردوو وەرگرتوە، لە کام شوێن و کاتدا خاوەنی وەرگرتنی ئەزمونن، تا بوێرن ئەوە بسەلمێنن ئەتوانن ڕێگە نەدەن کوردستان ڕوبەڕوی کارەساتی چەندبارە نەبێتەوە!؟ مێژوی ئەزمونی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بێپەردە، لێوان لێوە لە کارەسات و ڕوداوی دڵتەزێن، ئەو پەندانە چین تا ئەو کارەساتانە ڕونەدەنەوە.

هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفیەکان بەدوای ٢٠٠٣ وە خاوەنی دڕندەترین کارەساتی نائینسانی و شەڕی تائیفین. هۆکاری ئەوپەڕی وێرانکاری ودارمانی عێراق بون، کە کەم وێنەیە لە مێژوی ڕوداوە سیاسیەکانی عێراقدا. گەر لەسەردەمی سەدام زیاتریان نەکردبێت، ئەوە کەمتر نەکراوە. کە بەهەمانشێوە حزبەکانی کوردایەتی هاوبەشی تەواوی ئەو تاوانانەن، کە هێزە ئیسلامی و تائیفیەکان ئەنجامیان داوە. ئاخۆ بە چ ڕویەکەوە مەسرور ئەو ئەزمونە فەرامۆش دەکات و دەڵێت خەریکە عێراق بەرەو ئاراستەی ئەزمونە تاڵەکانی ڕابردوو دەبات!؟ کام ڕابردوو، کام تاڵی، ئەو تاڵیەی ڕێکەوتن لەگەڵ سەدام، بۆ گرتنەوەی هەولێر ئەنجامدراو بەلەشکرکێشی سوپای عێراقی پێش خۆیدا، یا ڕێکەوتن لە گەڵ هێزە شیعەکان بۆ پێکهێنانی گاڵتەجاری حکومەتی عێراقی فیدراڵ!؟

ئەوەی پێویستە لەم دۆخەدا بە هەند وەرگیرێ بەهەر وتار و ئاراستەو بانگەوازێک، ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە پێشبینی دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، ئەگەری پەرینەوە لەدەورانی نائارامی، بۆ بەدەستهێنانی دەورانێک لە سەقامگیری، لەپێناو کەشێکی ئارام بۆ سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی سەرمایە، کە کاریگەری ئەم ئاراستەیە کەم تازۆر لەسەر مامەڵەو چۆنیەتی هێز و لایەنەکان و ئایندەیان لەئێستاوە ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە کێشەکان لەوە واوەترە کە مەسەلەکان تەنها بچێتە بواری بودجەو موچە و پاشەکەوتی موچەوە. هەڵبەتە ئەو بوارانە بۆ فەرمانبەران و باری ئابوری جێگاوڕێگاو گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام پێویستە ئەوە باش درک بکەین کە کێشەکان زۆر لە دابەشکردنی بودجەو موچەو پاشگرەکانی واوەترە. واتە لە گێژاوی ئەو واقعیەت و ئاراستەیەیە کە هێزە میلیشیاکانی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەدا دۆشداماون و لە ناچاری چاوەڕوانی ئایندەی نادیاری حکومەتەکانی ئێستای عێراق و کوردستانن. لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا خەریکی مامەڵەیەکی هەرزان بازاڕی و قومارکردنن! ئەبێ کێ بن ئەوانەی ئەتوانن بەربەو شەپۆلە بگرن، تا لەو بازاڕەدا شکست نەخوات و مایە پوچ و شەرمەزار نەبێت؟ ئاکامی ئەمەش لە سایەی تەواوی ئەم هێزە ملیشیایانەدا ئەگەری ئایندەیەکی تاریکترە کە کاریگەریەکانی بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا دەشکێتەوە.

☆

**بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و ڕزگاربوون لە ئاسۆی سیاسی هێزە بۆرژواییەکان بە سەرکەوتن ناگات..ڕێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێڕانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
فایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# تیرۆری خواناس وریا گلی هەوڵێکی تری نەزۆک و کۆنەپەرستانە لەدژی ئازادی بەیان و بیروڕا!

**عەبدوڵا مەحمود**

بەرواری ٢٢ی ئەم مانگە خواناس وریا گلی، لەناو جەرگەی شارۆچکەی چەمچەماڵدا درایە بەر دەستریژی گوللەو گیانی لێسەندرایەوە.

خواناس وریا گلی کە بە پاشای شەقامیش ناودەبرا، یەکێک بوو لەو لاوە داهێنەر و چالاکانەی لەچەندین بواردا کاری دەکرد و دەیویست لەرێگای نیشاندانی توانایەکانی خۆیەوە، تواناییەکانی لاوانی کوردستان نیشانی کۆمەڵگە بدات، و ئەوە بخاتەڕوو کە کۆمەڵگەی کوردستان وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی تری ئەم دنیاییە، کە ئەگەر ڕیگە بە لاوەکانی بدرێت، ئەگەر دەروازەکان بەرووی لاواندا بکرێتەوە، ئەگەر ژینگەیەکی تەندروست هەبێت، ئەوا دەتوانن ئەسپی خۆیان لە چەندین بوار و زەمینەی جیاوازدا تاوبدەن و توانایيە شاراوە و خنکێنراوەکانیان، بخەنەڕوو.

خواناس لەگەڵ ئەوەدا خەریکی کارکردن بوو، هاوکات سەرقاڵی شانۆ و وێنەکێشان و یاریزانی کۆنگفۆ بووە...

ئەم هەموو وزەو چالاکییە، لەپاڵ ئەوەی هەمیشە دژی ناهەقی وەستاوەتەوە، لەلایەکەوە بۆتە نەیارێکی حاشاهەڵنەگری ستەم و بێمافی و لەلایەکی تریشەوە بۆتە لاوێکی ئینساندۆست و بیرکەرەوەی بەردەوام لەپێناو ژیانێکی باشتر و جوانتر و ڕەنگینتردا.

ئەو کە خۆی ڕەمزی شیکپۆشی و جوانپۆشێکی شارستانی بووە، ئینسان لای بەهایەکی بێسنور و باڵاتر لەهەر شتێکی تری بووە. ئەو لەکاتی تیرۆری ماریا سامی لە ساڵی ٢٠٢٢ دا دەنووسێت" هیچ تاوانێک بایی ئەوە نییە تۆ روح لە مرۆڤێک بسەنێتەوەو بیکوژێت..." "ناکرێت هیچ کەسێک بکوژرێت لەسەر سەرپۆش لادان و جگەرەکێشان و ئاین گۆڕین..." و دەڵێت: "شانازی بەوەوە دەکەم بۆ یەک خولەکیش چاوم لە ناهەقی نەنووقاندووە..."

ئەم پەیامە ڕۆشنە... ناسنامەی ڕۆشنی خواناسمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئینسان سەرمایەکی بەنرخە و لەسەروی هەموو ئایدۆلۆژی و بیروباوەر و باوەرداری و هەموو موقەدەساتێکی دینی و قەومی و نیشتیمانی و کەلتوری و ئەخلاقیەوەیە.

بۆیە تیرۆری خواناس، بەر لەهەر شتێک و هەر دۆسیەو گرژی و ناکۆکیەک ئەگەر لەگەڵ هەر کەسێک بووبێتی، ناتوانێ ئەو ڕاستییە بشارێتەوە، کە ئەم تیرۆرە تیرۆرێکی ئاشکرایە لەسەر ئازادی دەربڕینی بیروراو بەیان... هەوڵێکی نەزۆکی ئەو دەستەو تاقمەکۆنەپەرستە ئیسلامی و ئەو مەلا دەمپیس و فتوادەرانەیە، کە چاویان لە ئاست هیچ داهێنان و هیچ بیرکردنەوە و ڕوانینێکی جیاوازی ڕەخنەگرانەو سەردەمی هەڵنایەت و لە زمانی چەک و تیرۆر و سڕینەوەش زمانێکی تر شک نابەن... بکوژی سەرەکی خواناس جگە لە کاراکتەری بکەر، کاراکتەرەکانی ترن کە ژینگە بۆ تیرۆر سازدەکەن و فتوا دەبەخشنەوە و دەستی بکەرە گەمژە و قوربانیەکان، ئاوەڵا دەکەن، کە ئینسانی نەیار بە کۆنەپەرستی و دۆخی باو قەسابی بکەن. هاوکات دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتیش کە خۆی کاراکتەرێکی سەرەکییە لە خولْقاندنی ئەم دۆخە لە ڕێگای دەوازەکردنەوە بۆ کۆنەپەرستی و دەستەو تاقمە داعشیەکان و ریزیک مەلای بەلاشخۆر و فتواچی... کە دەست وەردەدەنە ورد و درشتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری و تایبەتی و فەردی ئینسانەکان...تاد.

ئەم ڕەوتە ئیسلامی و سەلەفیزمەی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، کە بەهیچ ڕێگاو درۆ و فریوکارییەک و کێوێک لە داهاتی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ناتوانێت، پاشەکشە بە ڕەوتی مەدەنیەتی زاڵی کۆمەڵگە بکات و بەر بە پێشرەوی و کرانەوەی شارستانی بەردەوامی کۆمەڵگە بگرێت... لەژێر چەتری دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەو کەشەی بۆ دواکەوتووی ئەفراندویەتی، بۆ ترساندنی کۆمەڵگەو ئازادیخوازی فتوادەدەن و هانی کۆمەڵێک خەڵکی نەفام و مێشک ئاخنراو بە خورافە دەدەن، تا دەستپارێزی نەکەن لە کەسانێک کە ناکۆکی زەق و بەرجەستە لە کۆنەپەرستی ئیسلامی ڕەمزەکانی بەیان دەکەن، و هانیان دەدەن بۆ کردەوەی تیرۆریستی. خواناس وریا گلی قوربانی ئەم تەوژمە لە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و مەلا سەلەفیەکانە.

بەجیا لەوەی پێویستە بکوژی خواناس وریا سزای یاسایی خۆی وەربگرێت، هاوکات دەبێت فتوادەران و ژینگەخۆشکەرانی ئەم کەشە کە گیانی خواناسەکان دەکێشێت، ڕاکێشی بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەری بکرێن... بۆ ئەم کارەش پێویستە بەرەی پێشکەوتخوازو ئازادیخوازی کوردستان و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دادوەران و هەموو ئینسانێکی لایەنگری مافی مرۆڤی ئازاو ئازاد، شەپۆلێکی فراوانی وەستانەوەی ریکخراو و ئامانجدارانە، بەرووی هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی کۆنەپەرستان و فتوادەراندا، وەڕێ بخەن و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکەن، کە ڕێگەبگرێت لەوەی چیتر هیچ کەسێک لەسەر ڕەخنەگرتن یان دەربڕینی بۆچوون و بیرورا و بەیان و بەرگری لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، بکرێتە قوربانی ژیانی لێبسەندرێتەوە.

٢٣/٦/٢٠٢٣